# ئیستاتیکای وێنە ڕەمزییەکان لە کۆبەرهەمی (بۆنی بەختەوەری)ی (محەمەد کوردۆ)دا

**مەریوان حسێن فەرحان[١]، ئەمیر تەها ئەحمەد[٢]**
[١,٢]بەشی زمانی کوردیی، کۆلێژی پەروەردە و زمان، زانکۆی چەرموو ، شاری چەمچەماڵ، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: Marewan.husen@charmouniversity.org

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی "ئیستاتیکای وێنە ڕەمزییەکان لە کۆبەرهەمی (بۆنی بەختەوەری)ی (محەمەد کوردۆ)دا" مەبەستێتی کاریگەری و گرنگی ڕەمز لە بنیاتنانی دەق شیعری شاعیردا لە ڕووی جوانی و چێژ و ئیستاتیکاوە بخاتەڕوو، توێژینەوەکە هەوڵ دەدات ئەو ڕەمزانە بخاتەڕوو، کە شاعیر لە خستنەڕووی وێنە جوان و فۆڕمە حەشاردراوەکانی ناخیدا بۆمانی بەیان دەکات، بۆ مەبەستی گەیشتن بەو جوانییەی کە لە فۆڕمە نادیارەکەدا خۆی حەشارداوە، بە ئامانجی شکاندنی ئەو کۆدانەی کە سەرچاوەی بەخشینی وێنەی هونەری و ئیستاتیکیەتی دەقەکانن و سەرنجی ئاخێوەری ڕاکێشاوە، بۆ ئەوەی پەنا بۆ ڕەمزەکان ببەن، تاوەکو لە واتای دەقەکان بگەن. دەرەنجامی توێژینەوەکەش دەرخەری ئەو زمانە ڕەمز ئامێزەیە کە شاعیر لە ڕێگەی ڕەمزەکانی (ئەفسانە, کەلەپووری, ئایینی, گشتی, ڕەنگ, مێژوویی, جیهانی و خودی)یەوە بۆمانی بەیان دەکات. ئەم توێژینەوەیە بە پشتبەستن بە میتۆدی "پەسنیی شیکاری" و داتا کتێبخانەییەکانی ئەم بوارە توێژینەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ دەقەکان کردووە, ئامانجەکەشی چۆنیەتی و چەندێتی بەکارهێنانی ڕەمزەکانە لە بەخشینی ئیستاتیکا و شیعرییەت لە کۆبەرهەمی "بۆنی بەختەوەری"ی شاعیردا.

**کلیلەوشەکان:** بۆنی بەختەوەری، محەمەد کوردۆ، ئیستاتیکا، ڕەمز، ڕەمزی ئیستاتیکا.

**ملخص:**

يهدف هذا البحث, الذي يحمل عنوان"جماليات الصور الرمزية في مجموعة رائحة سعادة محمد كردو" الى اظهار تأثير وأهمية الرموز في بناء النص الشعري للشاعر من حيث الجمال والمتعة والجماليات, يحاول البحث أن يبين لنا الرموز التي يكشفها لنا الشاعر في ظهور صور جميلة وأشكال خفية بداخلها, وذلك لتحقيق الجمال الذي يخفيه في الشكل المجهول, بهدف كسرالرموز التي هي مصدر صور فنية وجمالية للنصوص وجذب انتباه القارئ للجوء الى الرموز, لفهم معنى النصوص. تظهر نتيجة البحث اللغة الرمزية التي يعبر عنها الشاعر لنا من خلال رموز(الأسطورة, التراث, الدين, العام, اللون, التأريخ, العالم ونفسه). أعتمد هذا البحث على منهج "تحليل الوصف" ومكتبات البيانات في هذا المجال وقد قام ببحث وتقييم النصوص, هدفها هو نوعية وكمية استخدام الرموز فى اعطاء الجماليات والشعر فى منتج"رائحة السعادة" للشاعر.

**الكلمات المفتاحية:** رائحة السعادة, محمد كردو, الجماليات, الرمز, رمزالجماليات.

---

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| بەرگ | ٧ ژمارە ٣ ساڵی(٢٠٢٢) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/٧/١٤ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٨/٢٢ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٢/٩/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | Marewan.husen@charmouniversity.org |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢٢د. مەریوان حسێن فەرحان، ئەمیر تەها ئەحمەد، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

**Summary:**

This research, entitled "Aesthetics of symbolic images in the collection of the Smell of His Excellency Muhammad Kordo" aims to show the excitement and importance of symbols in building the poet's poetic text in terms of beauty, pleasure and aesthetics, the research tries to show us the symbols revealed to us by the poet inthem, in order to achieve the beauty that he hides in the unknown form, in order to break the symbols that are the source of artistic and aesthetic images of the texts and attract the attention of the reader to resort to symbols, to understand the purpose of the texts. The result of the research shows the symbolic language expressed to us by the poet through symbols (lengend, heritage, religion, public, color, history, world and himself). This research was based on the method of "analyzing description" and data libraries in this field and has researched and compiled texts, the aim of which is the quality and quantity of the use of symbols in giving aesthetics and poetry in the product "Smell of Happiness" to the poet.

**Keywords:** Scent of Happiness, Mohammed Kurdo, Aesthetics, Symbol, Symbol of Aesthetics.

## ١.پێشەکی:

ئیستاتیکا یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی دەقی ئەدەبی بەگشتی و دەقی شیعری بەتایبەتی، بە جۆرێك کە دەقی شیعری ئامانجی پێشکەشکردنی جوانی و گەیاندنی چێژ و خۆشییە بە خوێنەر، ڕەمزیش وەکوو کەرەستەیەکی گرنگی گەیاندنی پەیام هەر لە کۆنەوە مرۆڤ پەنای بۆی بردووە و بۆ گەیاندنی مەبەست و داخوازییەکان بە کەسی بەرانبەر (خوێنەر) بەکاریهێناوە، دواتر لەبەر بارودۆخی جیاواز و زۆر جار بۆ مەبەستی تایبەتیی خۆیان، شاعیران و نووسەران ڕەمزیان گواستووەتەوە ناو دەقی شیعری و نووسینەکانیان، بە جۆرێك ئێستا ڕەمز ئامادەییەکی تەواوی لە شیعری زۆربەی شاعیراندا هەیە.

ئیستاتیکا بە شێوەیەکی گشتی هەموو ئەو یاسایانە دەگرێتەوە کە لە بواری هونەردا هەن، هەر ئەمەیش وا دەکات کە بوترێت ئیستاتیکا دۆزینەوە و بەدەرخستنی یاسا ئیستاتیکییەکانی جوانییە، واتە ئەرکی ئیستاتیکا تەنها پەیپێبردن و دەستنیشانکردن و خستنەڕووی بنەما هونەرییەکانە، لێرەوە ئیستاتیکا بە شێوەیەك ئاوێتەی فەلسەفە دەبێت کە دەکرێت بوترێت ئیستاتیکا لقێکە لە لقەکانی فەلسەفە، دەربارەی جوانی و بەتایبەتی جوانیی هونەری دەکۆڵێتەوە.

ڕەمز لە چوارچێوەی شیعردا دەبێت ماهیەتی ئاماژداربێت و دوو سەدای جیاواز بۆ یەك سەدا بگۆڕێت، گرنگترین تایبەتمەندیی ڕەمزیش فرەمانایيە، ئەم فرەماناییە هۆکاری پابەندبوون و یەکێتیی دەنگەکانە. چونکە بەکارهێنانی ڕەمز لە شیعردا پرۆسەیەکی کاریگەرە، لەگەڵ ئەوەی کە ڕەمز وەك هونەرێکی نوێی ڕەوانبێژی خۆی دەرخستووە، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین کە ڕەمز جیایە لەو کەرەستە ڕەوانبێژییانەی کە وێنە دەسازێنن، لە چەشنی خواستن و لێکچواندن و درکە، چونکە ڕەمز چوارچێوە و سنورەکانی فراوانترە و تا ڕادەیەکی زۆریش گشتگیرتر خۆی دەنوێنێت.

محەمەد کوردۆ یەك لەو دەنگە ئازاد و چالاکانەی ناوچەی گەرمیانی باشووری کوردستانە کە زۆر ئازادانە و بوێرانە دەقی شیعری بەرهەمدەهێنێت، بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی ژیانی تایبەتیی خۆی و ئەو ژینگەیەی کە تێیدا ژیاوە و پەروەردەبووە، هەروەها کاریگەریی شیعری شاعیرانی کلاسیك و سەردەم و هاوچەرخ لەسەر شاعیر وایکردووە کە توانیویەتی زۆر وێنەی هونەریی بەرز و بەها باڵاکان لە بونیادنانی دەقە شیعرییەکانیدا بەرجەستەبکات، گرنگیدانی شاعیر بە بنەما هونەرییە جوانەکان و داڕشتنی قاڵبە شیعرییەکانی لەسەر بناغەی بونیادنانی زۆر وێنەی هونەری لە دەقە شیعرییەکانی (کۆبەرهەمی بۆنی بەختەوەری)دا دەبینرێت، کە زۆر وشەی سادەی لە ڕووی

فۆرم و بەهای پڕ لە واتای کاریگەری بەیانکردووە، کە بە ڕواڵەت ئەو دەقانەی بونیادیناون، لە ساکار دەچن، بەڵام بە قوڵبوونەوەیان و تێڕوانینی ورد لێیان، زۆر واتای جوان و پڕبەهای ئیستاتیکای لەپشت وشە بەکارهاتووەکانی شاعیر بۆ خوێنەر (پەیامەوەرگر) ڕووندەبێتەوە.

محەمەد کوردۆ یەکێکە لەو شاعیرانەی کە بە ئەزموون و کارامەیی خۆی سوودی لە ڕەمزی فرەچەشن و جۆراوجۆر وەرگرتووە، کە لە دەقە شیعرییەکانیدا بە واتای نوێ پڕڕەنگکراون، بۆیە ئێمەیش لەم دیدگایەوە توێژینەوەکەمان بە ناونیشانی "ئیستاتیکای وێنە ڕەمزییەکان لە کۆبەرهەمی بۆنی بەختەوەریی محەمەد کوردۆ"دا بە نموونە وەرگرتووە، کە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین بەکورتی لە بەکارهێنانی ڕەمز لە بونیادنانی وێنەی شیعریدا لەلای محەمەد کوردۆی شاعیری هاوچەرخ بدوێین، لە ڕوانگەی ئیستاتیکای ڕەمزەوە.

میتۆی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە بە پشتبەستن بە میتۆدی "پەسنیی شیکاری" و داتا کتێبخانەییەکانی ئەم بوارە توێژینەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ دەقەکان کردووە.

## هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:

هۆکاری سەرەکی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ توێژینەوەکەمان، خستنەڕووی ئامانج و مەبەستە تایبەتییەکانی شاعیرە لە بەکارهێنانی ڕەمزە جیاوازەکان و دەرخستنی بنەماکانی ڕەهەندی جوانییە، لەناو ئەو وێنە ڕەمزییانەی کە شاعیر دەقەکانی پێ بنیادناوە، لە کۆبەرهەمە شیعریی (بۆنی بەختەوەریی) شاعیردا.

گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە هاوکارییەکی زانستییانەی خوێنەر و لێکۆڵەرانی بواری ئەدەبی و توێژینەوە ئەکادیمییەکان دەکات، بۆ ئەوەی وەکو بنەمایەکی زانستی سوودی لێ ببینرێت بۆ دەوڵەمەندکردنی توێژینەکان، کە لەم بوارەدا ئەنجام ئەدرێن، بەپێی بنەمای داتای زانستی و ئەکادیمی.

بەشەکانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لە (پێشەکی و بنەمای تیۆری و پێداچوونەوە و پوختەکردنی چەند توێژینەوەیەکی پێشتر، کە لەم بوارەدا ئەنجامدراون و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن و ئەنجامی توێژینەوەکە و لیستی سەرچاوەکان) پێکدێت.

## ٢. بنەمای تیۆری:

ئیستاتیکا کۆڵەکەی بەدیهێنانی دەقی شیعرییە و بناغەی بونیادنانی شیعرە، کە ((مەبەستی سەرەکی گەیاندنی جوانی و چێژ و خۆشیە.)) (مستەفا، ٢٠٢١: ١٢١) بەم شێوەیە ئیستاتیکا دەبێتە یەکەم ئامانجی سەرەکیی شاعیر لە بونیادنانی دەقەکانیدا، کە مەبەستی چێژبەخشینە بە پەیامەکەی و گەیاندنیەتی بە وەرگر (خوێنەر)، کەواتە ئاڕاستەکردنی پەیام لەلایەن شاعیرەوە بە ڕێگای جوڵاندنی هەست و سۆزی خوێنەر، بە شێوازی چێژ و خۆشی و ئاوێزانکردنی بە دەقەکانیدا، تاکە هۆکاری سەرەکی و ئامانجی شاعیرانە لەم کارەدا، لەگەڵ ئەمەیشدا دەبێت بزانین کە ((چەمکی جوانی کە (ئیستەتیک)یشی پێدەوترێت، لە بنەچەدا گریکیە و لە وشەی (Aisthesis) وەرگیراوە، کە واتای هەستەکان دەدات و واتا وەرگیراوەکەشی بە واتای تیۆری هەستەکان دێت.)) (حوسێن، ٢٠٢٠: ٢٢٧) کەواتە هەستکردن بە جوانی لە دەربڕیندا بنەمای کاری فەلسەفییە و لێکۆڵەران و شاعیرانیش وەك کەسێکی خاوەن پڕهەستی کۆمەڵ، ئەم بیرە فەلسەفی و هەستییانە لە نووسینەکانیاندا بەرجەستەدەکەن.

سەرچاوەکان کاتێک دێنە سەر باسکردنی ئیستاتیکا، باسی ئەوە دەکەن کە بۆ یەکەم جار (("ئەلیکسەندەر باومگارتن" لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەیەمدا، لە کتێبێکیدا بە ناوی (Aesthetics) ئەم زاراوەیەی بەرانبەر بە (زانینی هەستی) یان (هەستناسی) بەکارهێناوە، کە هێزی زانینی دابەشکرد بۆ: هێزی باڵای ئەقڵ، کە جەخت لەسەر لۆژیك دەکاتەوە، لەگەڵ هێزی نزمی هەست کە جەخت لەسەر


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

ئیستاتیکا دەکات.)) (حسێن، ٢٠٠٨: ١٧-١٨) بەم کارەی لۆمگارتن ئیستاتیکا لە فەلسەفە جیابووەوە و زاراوەکە وای لێ هات ئەوە بگەیەنێت کە پەیوەندیی بە رەخنەی جوانی یان تیۆری چێژبەخشەوە هەبێت، کەواتە لێرەدا ئیستاتیکا دەبێتە زانستی جوانی و لە زانستی فەلسەفە جیادەبێتەوە.

ئیستاتیکا وەکوو زانستێك کاریگەریی لەسەر هەست و سۆزی خوێنەر هەیە و چێژی دروست بە خوێنەر (پەیامەوەرگر) دەگەیەنێت، لەم بارەیەوە دکتۆر هیمداد دەڵێت: ((جوانناسی زانستێکە لە هەست و سۆز و چێژ دەکۆڵێتەوە، کە دیمەنی شتە جوانەکان دەیاننێرن.)) (حوسێن، ٢٠٢٠: ٢٢٨) کەواتە هەرچی بەرهەمێك چێژبەخش بێت جوانە، هەر لەم بارەیەوە ئەرستۆ بڕوای وایە کە ((کاتێك شتێك جوان دەبێت، هەم گونجاوبێت و هەم چێژبەخش بێت، ئەگەر بوونێك گونجاوی تێدابێت و نەتوانێت چێژ ببەخشێت، ئەوا ناکرێت بە جوان دابنرێت.)) (هیمداد حوسەینی، ٢٠٢٠، ٢٣٠) بەپێی ئەم پێناسانە بێت، هەموو چێژبەخشێك جوانە، بەڵام دەبێت ئاگاداری لایەنێك بین، ئەویش ئەوەیە کە هەندێک کەسانی شەرەنگێز هەن کە چێژ لە خراپەکاری دەبینن، بۆیە ئەمەش پەردە لەسەر ڕاستییەك دەردەخات، ئەویش ئەوەیە کە دەبێت پەیوەندییەکی داینەمیکی لەنێوان ئاکار و جوانیدا هەبێت، چونکە دەبێت ڕەچاوی ئەو ئاکارە بکەین کە لێوەی هەڵدەهێنجێنین، بەوەی کە هەر شتێکی چێژبەخش ئەوکاتە جوان دەبێت کە ئاکاری تێدا پەیرەوکرابێت و هیچ کەسێك تێیدا زیانی لێ نەکەوێت، هەر ئەوەشە بووەتە هۆی ئەوەی کە پەیوەندییەکی پتەو و بەهێز لەنێوان جوانناسی و ئاکارناسیدا دروستببێت. بۆیە "نیتچە" لەمبارەیەوە بۆچوونێکی هەیە، دەڵێت: ((جوانناسی وەك زانستە پێوەرییەکانی دیکە، گەیشتنە بە پێوەرێکی دروست، بۆ ئەوەی ئەو جوانییەی شایەنی سەرسامبوونە پێی بپێورێت)) (حوسەینی، ٢٠٢٠: ٢٣٣) مەبەستی ئەو جۆرە پێوەرەیە، کە جوانی و ئاکارە جوانەکان لە ناشرینی و ئاکارە ناشرینەکان جیادەکاتەوە.

وێنەی ڕەمزی یەکێکە لەو ڕەگەزە سەرەکییانەی کە دەقی شیعری هەرگیز دەستبەردارینابێت، چونکە ((ناتوانرێت بەبێ وێنە پارێزگاری لە سیما هونەرییەکەی بکات، بۆیە بەردەوام شاعیر لە خەمی داهێنانی وێنەی شیعریدایە، بەو ئامانجەی شیعرییەتی دەقەکانی بپارێزێت و گیانی نەمرییان بە بەردابکات.)) (کەریم، ٢٠١٢: ٢٥) واتە شاعیر بە ئامانجی پاراستنی دەقەکانی لە لەناوچوون پەنا بۆ وێنەکێشان دەبات، وەکوو ڕەگەزی سەرەکیی پێکهێنەری دەقەکانی، بە مەبەستی بناغەدارشتنی کاری بونیادە شیعرییەکەی، هەر بۆیە ((وێنەی هونەری ئەو ڕەگەزە هونەرییە دەگرێتەوە، کە لەباوەشی گشت شیعرێك ئامادەیەو زادەی گشت سەردەمێکە.)) (عیسی، ٢٠٠٩: ١٣) کەواتە ئەم بوون بە زادەی گشت سەردەمە، هۆکاری سەرەکیی پاڵنانی شاعیرە بۆ جووڵاندنی هەستەکانی بە دارشتنێکی پتەو و بەهێز، تاوەکوو لە ڕێگای بناغەی بونیادنانی دەقەکانیەوە لە ڕێگەی "وێنەی هونەری شیعری"یەوە، مەبەست و ئامانجەکانی بەدیبهێنێت.

ڕەمز لە شیعری کوردیدا ڕەگ و ڕیشە و مێژوویەکی دێرینی هەیە، بەڵام لە شیعری نوێی کوردیدا پانتاییەکی فراوانتری داگیرکردووە، بە جۆرێکە کە ((کاتێ وشەکان بە مانای فەرهەنگی خۆیان بەکارناهێنرێن ڕەمزو دەلالەتی نوێیان پێدەدرێت، بەجۆرێك کە پیشتر هەڵگری ئەو دەلالەتە نەبوون، ئەمەش سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت و دەکەوێتە بیرکردنەوە.)) (قادر، ٢٠١٤: ١١٤) کەواتە مەبەستی سەرەکیی بەکارهێنانی ڕەمز لەلایەن نووسەران و شاعیرانەوە، زیاتر بۆ مەبەستی سەرنجراکێشانی خوێنەرە بە لای بەرهەمەکانیدا. ویبستر (Webster) چەمکی ڕەمز بە شێوەیەك دەردەخات کە دەڵێت: ((ڕەمز ئەوەیە کە ئاماژ بەشتێکی تر دەکات لەڕێگای بوونی پەیوەندییەك لەنێوانیاندا، وە ڕەمز دیاردەیەکی جێگیرە چ لە شیعر و چیرۆك و بەرهەمە هونەرییەکاندا.)) (مەعروف، ٢٠٠٤: ١٣٦) کەواتە ڕەمز دەبێتە فاکتەری سەرەکی لە هێنانەبەرهەمی مەبەستێکی سەرەکی بەهۆی بەکارهێنانی مەبەستێکی لاوەکییەوە، بە شێوەیەك کە لەپێناوی خزمەتکردنی ئامانجە بنەرەتییەکەدا ئەم کارە ئەنجامبدرێت. هەر لەم بارەیەوە ڕۆلان بارت کە ڕەمز بە "نیشانەناسی" ناودەبات، بڕوای بەوەیە کە دەڵێت: ((هەروەك چۆن زانستی فیزیك (هاوچەرخ) دەبێ لەگەڵ تایبەتمەندی هەندێك ئاقاردا ڕابێ، ئاوهاش دەبێ شیکردنەوەی پێکهاتەیی (نیشانەناسی) بچوکترین خۆڕاگری لە ئاست لێکدانەوە و نەخشەی نارێکی دەمارەکانی دەق لەبەرچاوبگرێ.)) (بارت، ٢٠١١: ٤٥) بەپێی ئەم بۆچوونە بێت خوێنەری ڕاستەقینە دەبێت لەگەڵ بەکارهێنانی وشەی تەمومژاویی ناو هەر دەقێکی ئەدەبی و بەرهەمی نووسەر و

شاعیراندا و بەپێی بارودۆخی سەردەمە جیاوازەکانی کە تێیدا بەرهەمەکەیان نووسیوە، ڕاستەوخۆ ئاماژی پشتەوەی وشە بەکارهاتووەکەی نووسەر پەی پێ بەرێت و کلیلی کۆدەکانی ڕەمزە بەکارهاتووەکە بدۆزێتەوە، بەمەش مەبەستی سەرەکیی نووسەر و شاعیر لەلایەن خوێنەری ڕاستەقینەوە بەهەندوەردەگیرێت و ئامانجی دەقەکەشی بەڕوونی بۆ خوێنەر ئاشکرادەبێت. بەکارهێنانی ڕەمز لەلایەن شاعیرانەوە جگە لە مەبەستی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و دەروونی، لە هەمان کاتدا مەبەستی ئیستاتیکییە، هەر لەبەر ئەم هۆکارانەشە کە ((لە پەیوەندی نێوان ڕەمزو دەورووبەر لەڕێگای خەیاڵ و ئەبستراکتەوە دەرکی پێ ئەکەین، کە شاعیر بەهۆی ڕەمزەوە بەدوای نهێنییە شاراوەکاندا دەگەڕێ.)) (حەویز، ٢٠١٨: ٣٢٩)

وێنە زیندووترین و چالاکترین ڕەگەزی شیعرە، کە لە باوەشی گشت شیعرێکدا هەیە و زادەی گشت سەردەمێکە. شیعریش ئەو پەستانە پەنگخواردووەی ناخ و دەروونی شاعیرە کە بە هیچ شتێك بەربەستناکرێت و هەر چۆنێك بێت دێتە دەرەوە و لە دووتوێی وێنەی جۆراوجۆردا خۆی دەنەخشێنێت، چونکە ((وێنە گەلێ ڕۆڵی جیاواز لە بنیاتنانی گشتی شیعردا دەبینێت، بەشێوەیەك کە سەرەڕای لایەنی ئیستاتیکی لە یەکگرێدانی پارچەکانی شیعردا، گوزارشت کردن و هێماش دەبەخشێت.)) (عیسی، ٢٠٠٩: ١٣)، کەواتە وێنە ڕەگەزێکی زیندووە، کە گەشەکردنی بەردەوام بە شیعر دەبەخشێت، بە جۆرێک تیشکەکانی سنووردەبەزێنن و تێکەڵی خەیاڵ دەبن و شۆڕدەبنەوە بۆ ناخی ڕۆح و لەگەڵیدا ئاوێتەدەبن، بەمەش هەر شیعرێك بگرین، خۆی لە خۆیدا وێنەیەکە و لە کۆمەڵێك وێنەی ئاوێتەی یەکتر بونیادنراوە.

وێنەی شیعری جەوهەری هونەری شیعرە و واتای سەرەکی لەوەوە دروستدەبێت، شاعیر بە یاریدەی خەیاڵ و بەهۆی وشەوە وێنەی بیرۆکەکانی خۆی دەکێشێت. وێنە لە شیعری نوێدا گرنگی و تایبەتمەندێتیی خۆی هەیە، ئەم تایبەتمەندێتییە بە جۆرێکە کە ((لە شیعری نوێدا فەلسەفەی ئیستاتیکی خۆی هەیە، دیارترین سیفەتی (چالاکی)یە، پێشتر (وشە) کەرەستەی گوزارشت بوو، بەڵام لە شیعری نوێدا (وێنە) کەرەستەی گوزارشتە، کە دیمەنێکی زیندوو دەگوازێتەوە و ئەزمونێکی مرۆڤایەتی کورت دەکاتەوە.)) (حسێن، ٢٠٠٨: ٩٤-٩٥) شاعیر لە ڕێگەی وشەوە وێنەکانی دروستدەکات و هەر لەم ڕێگەیەشەوە ((هەست و سۆز و خەیاڵی بەخوێنەر دەگەیەنێت، وە خوێنەریش لەڕێگەی هەمان کەناڵەوە (وێنە) دەچێتە ناوکەشی شیعرەکەوە، بۆیە ((پێویستە (فەزا)ی وێنە شیعرییەکە لەگەڵ (فەزا)ی گشتی شیعرەکەدا بگونجێت، نەوەك دژایەتی بکات، بۆ نموونە ئەگەر بیری گشتی شیعرەکە خەماوی بێت، ناگونجێت وێنە شیعرییەکە گوزارشت لە خۆشی بکات.)) (حسێن، ٢٠٠٨: ٩٥) کەواتە شاعیر لە ڕێگەی کەرەستەی خاوی بەردەستیەوە کە "وشە"یە، بونیادی دەقە شیعرییەکە پێکدەهێنێت، لە ڕێگەی ئەم کارەیەوە دەتوانێت هەست و سۆز و خرۆشی خۆی بۆ پەیامەوەرگر بنێرێت، لە هەمان کەناڵەوە "پەیامەوەرگر" وێنەی ئامادەکراوی پەیامبەر وەردەگرێت و چێژی لێ دەبینێت. زۆر جار شاعیر لە ڕێگەی "ڕەمز"یەوە دەیەوێت ئامانج و مەبەستی خۆی بە دروستکردنی وێنەیەکی شیعری لە ڕێگای پەیامەکەیەوە بە خوێنەر (پەیامەوەرگر) بگەیەنێت، بەمەش لێرەدا "ڕەمز" وەکوو بنەمایەکی دارشتنی دەقی شیعری دێتە ناو بوارەکەوە و لە بونیادنانی دەقەکەدا بەشداریدەکات، لەم بارەیەوە "ئاوات محەمەد" دەڵێت: ((شیکردنەوەی شیعر هەرگیز لەنێو کایە مەعریفێکاندا بواری لێدوانی بۆ نەرەخساوە، واتە شیعرمان هەیە و پرسیار لە خودی شیعر ناکەین، بێگومان لەناو ڕۆشنبیرییەکی لەو شێوەدا دەرناچن، کە لە هزری هەر یەکێکماندا بوونیان هەیە.)) (محەمەد، ٢٠١١: ١٢٣-١٢٤) بۆیە زۆر لە لێکۆڵەر و نووسەران بەڵگەی زانستی دەهێننەوە لەسەر ئەوەی کە نووسەری بواری ئەدەب بەگشتی و بەرهەمی ئەدەبی بەتایبەتی، پەنا بۆ زۆر هۆکار دەبەن لە هۆیەکانی گوزارشتکردنی مەبەستە خودییەکان، یەك لەو تایبەتمەندییانەی گوزارشتکردن ڕەمزە، وەکوو چۆن ڕێبواری مەلازادە باوەڕی وایە کە دەڵێت: ((شێواز و ڕێگاکانی دەربڕین و گوزارشتکردنی تاك لە مەبەست و پەیام و خود جۆراوجۆرن، کە خۆی لە بەکارهێنانی زمان و ڕەفتار و چالاکی و جوڵەی جەستەیی و تەنانەت بێ دەنگیش دەبینێتەوە.)) (مەلازادە، ٢٠٢٠: ٣٠٤) مەبەستی نووسەر لە بێدەنگییەکە بەکارهێنانی ڕەمزە، وەکوو بنەمایەکی چالاکی و ڕەفتارنواندن لە نووسینەکاندا لەلایەن ئەدیب یاخود شاعیرەوە.

## ٣. توێژینەوەکانی پێشوو:

"ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردیی کرمانجی خوارووی کوردستانی عێراقدا (١٩٧٠-١٩٩١)" ناونیشانی تێزی دکتۆرای "پەخشان سابیر حەمەد" و بە سەرپەرشتیی "پ.د. محەمەد نوری عارف" وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا، لە ساڵی ٢٠٠٢ی زایینیدا پێشکەشی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدینی کردووە ، توێژەر باسی لە چەمکی ڕەمز و مێژووی سەرهەڵدانی لە ئەدەبی جیهانیدا و خاسیەتی هاوبەشی ڕەمزە جیاوازەکان و پەیوەندییان بە هونەرەکانی ڕەوانبێژی و ڕەنگدانەوەی لە شیعری هاوچەرخی کوردی و بارودۆخی ئەو سەردەمەی باشووری کوردستان لە دەرکەوتنی ڕەمزەکان و ڕەنگدانەوەی لە شیعری شاعیرانی گرووپی ئەدەبیی "ڕوانگە و پێشڕەو" لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٧٠-١٩٩١ خستووەتەڕوو.

"ڕەمز لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس دا" ناونیشانی توێژینەوەیەکی ئەکادیمییە، کە لەلایەن "د. کەمال مەعرووف" ئەنجامدراوە و لە ژمارە ١٠٢ی ٢٠٠٥/١١/٥ی گۆڤاری ڕاماندا بڵاوکراوەتەوە، توێژەر باسی لە چوار جۆری ڕەمزی "ئەفسانەیی و ئایینی و مێژوویی و کەلەپووری" کە جێگەی گرنگی و بایەخی شاعیر بوونە لە شیعرەکانیدا کردووە، بە هێنانەوەی بەڵگەی شیعری لە دەقە شیعرییەکانی شێرکۆ بێکەسدا.

"ڕەمزی ئەفسانەیی لە شیعرەکانی هێمن دا" ناونیشانی توێژینەوەیەکی ئەکادیمییە، کە لەلایەن "ڕێبین خلیل قادر" ئەنجامدراوە، لە ژمارە ١٥٩ی ٢٠١٠/٨/٥ی گۆڤاری ڕاماندا بڵاوکراوەتەوە، توێژەر باسی لە گرنگی ڕەمزە ئەفسانەییەکانی لە شیعری نوێی کوردیدا کردووە، کە بەهۆیەوە شاعیر مەبەستە تایبەتییەکانی خۆی پێی دەربڕیوە و دواتر بەرجەستەکردنی لەناو شیعردا بەهۆی هونەرەکانی ڕەوانبێژییەوە و بەکارهێنانی هەندێک لە ڕەمزە ئەفسانەییە جیهانییەکانی لەناو دەقە شیعرییەکانی هێمنی شاعیردا خستووەتەڕوو.

"ڕەمز لە شیعرەکانی موفتی پێنجوێنی دا" ناونیشانی توێژینەوەیەکی ئەکادیمییە، کە لەلایەن "ژوان عبدالسلام عزیز" ئەنجامدراوە، لە بەشی ١٥ی ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠٢٠ی گۆڤاری "زانکۆی کەرکووك/بەشی زانستە مرۆڤایەتییەکان"دا بڵاوکراوەتەوە، توێژەر کورتەیەکی لەسەر چەمك و زاراوەی ڕەمز خستووەتەڕوو، پاشان هۆکاری بەکارهێنانی ڕەمزی سروشتی لەلای شاعیران و بەکارهێنانی هەندێك لە ڕەمزە جیاوازەکانی لە دەقە شیعرییەکانی موفتی پێنجوێنیدا خستووەتەڕوو.

"ڕەنگەکان لە کولتوور و باوەڕی کۆندا" ناونیشانی توێژینەوەیەکی ئەکادیمییە، کە لەلایەن "محەمەد سلێمان عەباس" ئەنجامدراوە و لە ژمارە ١٥٣ی ٢٠١٠/٢/٥ی گۆڤاری ڕاماندا بڵاوکراوەتەوە، توێژەر باسی لە گرنگیی ڕەمز لە سروشتدا کردووە، کە ڕەنگ سیمبولی سروشتە و جۆرە جیاوازەکانی ڕەنگەکان و دەلالەتە ڕەمزییەکانی خستووەتەڕوو، دواتر باسی لە هەندێک ڕەمزی گشتیی ڕەنگە جیاوازەکان لەلای زۆربەی میللەتە جیهانییەکان و لێکچوون و هاوبەشییان لە بەکارهێنانی ئەم ڕەمزە ڕەنگییانەدا خستووەتەڕوو.

## ٤. شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن:

ڕەمز پێش ئەوەی ڕەگەزێك بێت بۆ خستنەڕووی ئەندێشە، شیکردنەوەی واقیعە، زۆر جار ڕەمزەکان لایەنی دەروونیی شاعیر و نووسەر دەردەخەن و خەونەکانیان دەخاتەڕوو، زۆر جار ژینگە و سەردەم ڕێگەی نووسەر و شاعیران نادات کە حەزەکانی بکاتە دیوی واقیع، بۆیە لە ڕێگای ڕەمزەوە دەست بۆ تەواوی حەزەکانی دەبات، شیعرەکانی کوردۆ پڕن لە وێنەی شیعری و وێنەی ڕەمزی، کە پڕاوپڕن لە بەهای ئیستاتیکی و جوانی و چێژبەخشین، بە جۆرێك کە ئەگەر خوێنەری ڕاستەقینە بەرهەمە شیعرییەکانی ئەم شاعیرە بخوێنێتەوە، ئەوا بەڕوونی ئەو ڕاستییەی بۆ دەردەکەوێت کەوا بنەمای کاری شاعیر لە چنینی دەقەکانیدا کارکردنە لەسەر بناغەی جوانی و چێژگەیاندن بە پەیامەوەرگر (خوێنەر) لەسەر ڕێبازی ئیستاتیکا و گەیاندنی خۆشی و چێژ بە خوێنەری دەقەکانی. زۆربەی ئەو سەرچاوانەی کە باسیان لە جۆرەکانی ڕەمز کردووە، چەند جۆرێکی باوی ڕەمزیان باسکردووە، ئێمەیش بە سوودبینین لەو سەرچاوە گرنگانەی پێشوو و ئەو جۆرە ڕەمزە گرنگ و دیارانەی کە لە دەقە شیعرییەکانی "کۆبەرهەمی بۆنی بەختەوەری"دا هەن و بەهای ئیستاتیکی دەبەخشن، بەم شێوەیە پۆلێنیان دەکەین و دەریاندەخەین:

### ٤-١/ ئیستاتیکای ڕەمزی ئەفسانەیی:

ڕەمز و ئەفسانە پەیوەندییەکی پتەویان بە یەکترییەوە هەیە، ئەم پەیوەندییەش لەناو شیعردا هەستی پێ دەکرێت، چونکە ((ئەگەر ئەفسانە بەرهەمی خەیاڵی مرۆڤ بێت، ئەو لە شیعردا خەیاڵ ڕەگەزێکی سەرەکییە و شاعیر بەهۆی خەیاڵەوە داهێنان و دەسترەنگینی و لێهاتوویی خۆی دەردەخات.)) (قادر، ۲۰۱۰: ٤٨). زۆربەی لێکۆڵەران لەگەڵ ئەوەدان کە ڕەمز و ئەفسانە پەیوەندییەکی بنچینەییان بەیەکەوە هەیە، ئەم پەیوەندیەش مێژوویەکی دێرینی هەیە، کە لە سەرەتای پەیدابوونی ئەفسانەوە دروستبووە، چونکە ((زۆربەی ئەفسانەکان سروشتێکی ڕەمزیان هەیە.)) (مستەفا، ۲۰۰۹: ۱۷۷) بۆیە لە شیعری نوێی کوردیدا ئەفسانە کەرەستەیەك بووە کە شاعیران بەهۆیەوە ئەزموونەکانی خۆیان پێ چڕکردووەتەوە، هەر ئەم بایەخدانەش وایکردووە کە ((شاعیرانی هاوچەرخ هونەرمەندانە، ئەفسانە و کەرەستە فۆلکلۆرییەکانی ڕابردوو زیندوو بکەنەوە و گیانێکی زیندوویان بە بەردا بکەن و هەموو هەست و هەڵچوونەکانیشی پێدەربڕن.)) (حەوێز، ۲۰۱۸: ۳٦۰) محەمەد کوردۆ لە شیعری "مرۆڤ"دا ئەم چەشنەی ڕەمزی ئەفسانەییەی بەکارهێناوە، کە دەڵێت:

"مرۆڤ پەیکەرێکی داپۆشراوە
ڕۆژانێکی زۆر و
سالانێکی زۆر و
تەمەنێکی تەواو
چاوەڕوانی هاتنی گۆدۆیەك دەکات
پەردەی لەسەر لادا..!" (۱۷۲)

"گۆدۆ" ڕەمزی ئەفسانەیی چاوەڕوانیی بێئاکامی مرۆڤە بۆ ڕزگاربوون لە نەهامەتییەکانی ژیان، کە لە بنەڕەتدا گۆدۆ کەسایەتییەکی نادیاری چاوەڕوانکراوە بۆ گەیشتن بە ژوانی دوو کەس بە ناوەکانی "ئیستراگۆن" و "والدیمر"، کە لە شانۆنامەی نووسەری بەناوبانگی فەرەنسی، ساموێل بێکیتدا هاتووە، لە کاتێکدا ئەم دوو پیاوە چاوەڕوانی کەسی نادیاری فریادرەسیان دەکەن بە ناوی گۆدۆ، تاوەکوو لەو نەهامەتی و تەنگانەیەی ژیانیان ڕزگاریانبکات کە تێیدان و بۆ خۆشییەکانی ژیانیان بییانگێڕێتەوە. کوردۆی شاعیر مەبەستێتی سەرەتای ژیانی مرۆڤ بە چەشنی لادانی پەردەی سەرەتای سەر شانۆی گۆدۆ بخاتەڕوو، هەموو چاوەڕوانییەکانی مرۆڤیش بۆ گەیشتن بە خۆشییەکانی ژیان و ڕزگاربوون لە تەنگانە و نەهامەتییەکان، هاوچەشنی چاوەڕوانیی بێئاکامی ئەو دوو کەسە بۆ فریادرەسی نادیاری ژیانیان کە گۆدۆیە، پیشانبدات.

لە دەقە شیعرییەکی دیکەی شاعیردا بە ناوی "تلانەوە"، لە دێڕێکدا ڕەمزی ئەفسانەیی "ئاوی حەیات" بەکاردەهێنێت، وەك دەڵێت:

"من هەموو جەستەم لە عیشقی پڕ لە کلپەت قوڵپەدات
هۆ زنەی ئاوی حەیات، بێم دەم بنێمە کوێتەوە..؟" (۳٥۲)

بەکارهێنانی "ئاوی حەیات" لەم دێڕەدا ڕەمزەی ئەفسانەیە بۆ مانەوە لە ژیان، وەکوو لە چەندین دەق شیعریی شاعیرانی کلاسیکدا هاتووە کەوا پیاوچاکێک بە ناوی "خدری زیندە" ئاوی بەقا یاخود ئاوی حەیات و ئاوی مانەوەی لە ژیان پێیە و هەر کەسێک لەو ئاوەی دەستی ئەم پیاوچاکە بخواتەوە، ئەوا نەمری لە ژیاندا بەدەستدەهێنێت، شاعیر مەبەستێتی ئەوە دەربخات کە یار هەڵگری ئاوی حەیاتە و بە گەیشتن پێی ئاوی حەیات بەدەستدەهێنێت، بەمەش هەم گڕوکڵپەی عەشقەکەی ناخی دەکوژێنێتەوە، هەمیش بەقا و مانەوەی هەتایی لە ژیاندا بەدەستدەهێنێت.

### ٤-٢/ ئیستاتیکای ڕەمزی کەلەپووری:

شاعیرانی هاوچەرخ بەپێی ئەو زەمینەیەی بۆیان دەرەخسێت و بەپێی ئەو پاشخانە ڕۆشنبیرییەی کە هەیانە، بۆ ڕابردوو و کەلەپووری میللەتەکەیان دەگەڕێنەوە و سەرلەنوێ کاری لەسەر دەکەنەوە و لە بونیادنانی دەقی شیعریدا بەکاریدەهێننەوە، بە جۆرێك کە شاعیرانی کورد بەگشتی و شاعیرانی نوێخوازی کورد بەتایبەتی، زۆر بەتوندی باوەشیان بە کەلەپووردا کردووە و وەکوو سەرچاوەیەکی سەرەکیی شیعری سەیریانکردووە، چونکە ((پەیوەندییەکی دیالێکتی لەنێوان کەلەپوور و بابەتی ئێستادا گرێ دەدات.)) (حەمەد، ٢٠٠٢: ٢٣٨)

کوردۆ لە زۆر شوێنی ناو دێرەشیعرەکانیدا ڕەمزی کەلەپووریی بەکارهێناوە، وەك لە شیعری "نەمری"دا نموونەیەکی ڕەمزی کەلەپووری کوردی پیشاندەدات و دەڵێت:

"مرۆڤ ئاوی ناو گۆزەیەکە
بەسەر شانی خەیاڵەوە
بەرەو نەمری دەڕوات
وەلێ ناگاتە جێ، دەڕژێ..!" (١٦٥)

لێرەدا شاعیر مرۆڤی بە ئاو چواندووە و "ژیان"ی مرۆڤیش بە "گۆزە"، ئێمە دەزانین کە گۆزە ئەو دەفرەیە کە کوردنشینان لە زەمانی زوودا هۆکاری فێنککەرەوە و ساردکردن نەبووە، ناچار گۆزەیان لە قوڕ دروستکردووە و ئاویان تێکردووە، تاوەکوو فێنك بێت بۆ خواردنەوە، شاعیر بە بەکارهێنانی ئەم وشە فۆلکلۆرییە، جارێکی تر سەری مرۆڤ بە کاسەیەکی پڕ لە ئاو و دۆشداماني خەیاڵێکەوە بۆ هەڵهاتن لە مەرگێک بەیاندەکات کە بەرۆکی هەمووان دەگرێت و مەرگیش بە ڕێگر لەبەردەم بەدینەهاتنی ئەو خەیاڵەی کە شانیداوەتەبەر سەری مرۆڤەکان، لە شێوەی گۆزەیەکی ڕێی کانیی کوردەواریی ژیانە سادەکەی ئافرەتی کوردا دەنوێنێت.

لە دێڕێکی تری شیعری "من بەزەییم بە حاڵی ژانا دێتەوە"، ڕەمزێکی دیکەی کەلەپووریی بەکارهێناوە، کە ئەویش وشەی "دەسرازە"یە، وەك دەڵێت:

"وەك کۆرپەی ناو بێشکەی ئازار
بە دەسرازەی مەینەتی شەتەك دراوە.." (٣٢٨)

وشەی دەسرازە ڕەمزێکی کەلەپوورییە بۆ ئەو پارچە قوماشەی کە لەناو لانکی منداڵدا لە سەردەمی کۆندا بەکاردەهێنرا، تاوەکوو منداڵەکە لەناو لانکەکەدا نەکەوێتە خوارەوە و "بێشکە" ڕەمزێکی کەلەپوورییە بۆ شوێنی حەوانەوەی منداڵ لە کۆندا. شاعیر ژیانی ئادەمیزاد بە چەشنی منداڵێکی ناو بێشکە وەسفدەکات و تەنگەژییەکانی دونیاش بە چەشنی ئەو دەسرازەیەی کە منداڵەکەیان بەستووەتەوە، بە جۆرێك بەرۆکی مرۆڤیان گرتووە و دەستبەرداری نابن، تا ئەوەی کە لە پەلەقاژ و هەوڵە بێئاکامەکانی وەرسدەبێت، بۆ ڕزگاربوون لەو جێگە تەنگ و ناهەموارەی قۆناغی تەمەنیدا، ئاوهاش مەینەتییەکان دەستبەرداری مرۆڤ نابن تاوەکوو بێئاکام سەردەنێتەوە.

### ٤-٣/ ئیستاتیکای ڕەمزی مێژوویی:

مێژوو یەکێکی دیکەیە لەو کەرەستە ڕەمزیيانەی، کە شاعیران بۆ بونیادی دەقی شیعری پەنای بۆ دەبەن، بەو پێیەی کە ((مێژوو سەرچاوەیەکی گرنگە و پڕیەتی لەڕووداو و کارەساتی هەمەجۆر، شاعیر پەنا دەباتە بەر ڕەمزی مێژوویی، لەلایەك ئەزموونی خۆی پێدەوڵەمەند دەکات، لە لایەکی تر کەسایەتییە مێژووییەکان وەکو دەمامکێك وەردەگرێت، بۆ ئەوەی گوزارشت لە هەڵوێستی شاعیرەکە بکات، یاخود کەم و کورتییەکانی چەرخی نوێی پێ بەدەرخا.)) (عەبدولا، ٢٠٢٠: ١٠٨) بەم شێوەیە شاعیر بە سوودوەرگرتن لە سەرچاوە مێژووییەکانی

وەك (("مێژوو، کەسایەتییە ناودارەکان، ڕووداوەکان، شوێنەوارە دێرینەکان" هەموو سەرچاوەی دەوڵەمەندن بۆ شاعیران، تا وەکو ڕەمز دەقە شیعرییەکانیان پێدەوڵەمەند بکەن.)) (مستەفا، ٢٠٠٩: ١٧٩) کوردۆ لە شیعری "زەکییە ئالکان"دا نموونەی ئەم ڕەمزە مێژووییە بەرجەستەدەکات و دەڵێت:

"مرۆڤێکە زۆر بەجەرگ

دەبێ کێ بێ..؟!

مامە یارەی ئاگر گرتوو..؟!

نەخێر قوربان

قازی محەمەدی ئازاو

ترس لەنێودڵا نەبوو..؟!

- نەخێر نەخێر

خاتوو خانزاد، یان قەدەم خێر..؟!

دیسان نەخێر..

نەتانزانی

کچێك بوو جوان

جوان هەروەکو شیعری بزێو

جەستەی سپی چەشنی پەموو." (٣١٩-٣٢٠)

شاعیر لەم کۆپلەیەدا بە ناوهێنانی کەسایەتییە ناودارەکانی مێژووی کورد وەکوو "مامەیارە و قازی محەمەد و خاتوو خانزاد و قەدەم خێر"، توانیویەتی لە یەك کاتدا چەند کەسایەتییەکی دیاری شۆڕشگێڕی و سیمبولی خۆڕاگری و بەرهەڵستیی دژی ستەم و زۆرداریی دوژمنانی کورد لە دەقێکدا کۆبکاتەوە، وەکوو "مامەیارە" کە ڕەمزی "نەورۆز" و بەهاری ئازادی و "قازی محەمەد" کە ڕەمزی گیانفیدایی کوردە لەپێناوی سەربەخۆیی کوردستاندا لەسێدارەدرا و خاتوو "خانزادی خوشکی میری سۆلاف" کە ڕەمزی قارەمانێتی و هەڵوێستی مەردانەی ئافرەتی کوردە بەرانبەر زوڵم و چەوساندنەوەی نەتەوەکەی و خاتوو "قەدەم خێر" کە ڕەمزی ژنە شۆڕشگێڕی کوردە، هاوشانی باوك و براکانی دژی ڕەزاشای ئێران جەنگاوەر بووە و لە ناونیشانی دەقە شیعرییەکەدا ناوهێنانی خاتوو "زەکییە ئالکان"ی کچە بێپەرواى باکووری کوردستان کە بە جەستەی خۆی نەورۆزی پیرۆزکرد، بەڵگەی ئەوەن کە کوردۆ سەرەتا سیفاتی بەجەرگی دەداتە پاڵ هەریەکە لەو سەرکردە و جەنگاوەرانەی کورد کە لە ڕابردوودا بەرگرییان لەم نەتەوەیە کردووە و بوونەتە کەسایەتییە مێژوویەکانی ناو پەڕەی مێژووی خەباتی کوردەواری، لە کۆتاییشدا هەموو ئەمانە بەلاوەدەنێت و بەجەرگی و ئازایەتی بۆ جوانیی ئافرەتێکی کورد دەگەڕێنێتەوە، شاعیر لەم دەقەدا زۆر بەجوانی سیفاتی ئازایەتی و بەجەرگی دەداتە پاڵ جوانی، کە لە بنەڕەتدا جوانی و ئازایەتی دوو سیفاتی جیاوازن و لە یەک کاتدا لە یەک مرۆڤدا کۆنابنەوە، بەمشێوازەی کە شاعیر کردوویەتی، توانیویەتی شیعری بەرگری و دڵداری ئاوێزانی یەکتری بکات.

### ٤-٤/ ئیستاتیکای ڕەمزی ئایینی:

شاعیرانی هاوچەرخی کورد بایەخێکی زۆریان بە ڕەمزی ئایینی داوە و لە شیعرەکانیاندا بەرجەستەیانکردووە، بە جۆرێك کە ((ئاینە ئاسمانی و زەمینیەکان و کتێبە پیرۆزەکان، هەمیشە سەرچاوەیەکی گرنگی دروستکردنی ڕەمزن، چونکە لەڕێگەی ڕەمزی ئاینییەوە حەقیقەتەکانی مرۆڤ ئاشکرا دەبێت.)) (مستەفا، ٢٠٠٩: ١٧٩) لەگەڵ ئەم چەشنە بایەخدانەیشدا شاعیرانی هاوچەرخ بە جۆرێکی جیاوازتر وەك لە

شاعیرانی کلاسیك مامەڵە لەگەڵ ئاییندا دەکەن، چونکە ((شاعیرانی هاوچەرخ لە بەکارهێنانی ڕەمزدا بە عەقڵییەتی ئایین بیرناکەنەوە، لەمەدا دەردەکەوێت کە لەنێوان ئەزموونی سۆفێتی و تاقیکردنەوەی شیعریدا جیاوازی هەیە.)) (عەبدوڵا، ٢٠٢٠: ١١٥) کوردۆی شاعیر لە شیعری "تۆ هەموو ژنە جوانەکانی دنیای"دا نموونەیەکی بەرزی ڕەمزی ئایینی بەکارهێناوە، کە ناوی چەند ڕەمزێکی پیرۆزی ئایینی دەبات، وەك دەڵێت:

"یان تۆ حەوای یان حەوا تۆ بووە

ئەگینا چۆن، ئادەم

دەستی لە بەهەشتی خوا هەڵدەگرت.. و

خۆی لە دۆزەخی زەویدا، ون دەکرد..؟" (١٣٨)

شاعیر لەم دەقەدا ناوی "حەوا"ی هێناوە، مەبەستی دایکە حەوایە، کە ڕەمزی یەکەم مرۆڤی فریودراوە لەلایەن شەیتانەوە. "ئادەم" کە ڕەمزی یەکەم پیاوی قوربانیی دەستی ئافرەتە، کە خۆی بێبەشدەکات لە خۆشییەکانی بەهەشت لەپێناوی گوێڕایەڵی بۆ ئافرەت. "بەهەشت" کە ڕەمزی ئاینییە بۆ "خۆشترین شوێنی بێوێنە"، ئەو شوێنەی کە خوای گەورە وەك پاداشت دەیبەخشێتە بەندە گوێڕایەڵەکانی. "دۆزەخ" کە ڕەمزی ئایینییە بۆ "ناخۆشترین شوێنی بێوێنە"، کە خوای گەورە بەندە گوناهبار و لەفەرماندەرچووەکانی پێ سزادەدات. کوردۆی شاعیر قوربانیدانی بۆ ژن، هاوچەشنی قوربانیدانی باوکە ئادەم بۆ دایکە حەوا بەیاندەکات، بە جۆرێك کە خۆی لە خۆشییەکانی دونیا کردووە لەپێناوی ڕازیکردنی دڵی دڵبەرەکەیدا، بەمەش نەهامەتییەکانی دۆزەخی دونیای بەراورددەکات بە نەهامەتییەکانی باوکە ئادەم لە تەنگەژییەکانی دونیادا، سەرباری ئەمانەش شاعیر گەشبینە بەوەی کە گەیشتنی بە دڵبەرەکەی، دۆزەخی دونیای دەبێتە خۆشیی بەهەشت، هاوچەشنی گەیشتنی ئادەم بە حەوا.

شاعیر لە چەندین شوێنی دێرەکانی ناو دەقە شیعرییەکانیدا ڕەمزی جوانی ئایینیی بەکارهێناوە، وەك لە شیعری "تلانەوە"دا دەڵێت:

"بە قەستی دەستی برد و دوگمەی یەخەی ترازان

سەری کردم بە (جودی) و سینەم بە (توور)ی سینا." (٣٥٣)

شاعیر لەم دێرەدا دوو ڕەمزی جوانی ئایینیی بەکارهێناوە، ئەوانیش "جودی" کە مەبەستی شاخی جودییە، ئەو شاخەی کە پێغەمبەر نوح (درودی خوای لێ بێت) کەشتییەکەی لەسەری لەنگەریگرتووە، وەکوو خوای گەورە دەفەرموێت: ((واستوت على الجودي.)) (سورة هود، الأية ٤٤) "تووری سینا" مەبەستی "طورسنین"ی ئەو شاخەیە، کە پێغەمبەر موسا داوای بینینی پەروەردگاری کرد و خوای گەورە خۆی پیشانی شاخەکە دا و لەتاوی تیشکی پەروەردگاردا شاخەکە سووتا، وەك دەفەرموێت: ((وطور سينين.)) (سورة التين, الأية ٢) لێرەدا شاعیر سەری خۆی بە شاخی جودی چواندووە لە لەنگەرگرتنی کەشتیی سۆز و ئەوینی یارەکەی و سینەشی بە شاخی توری سینا چواندووە، شاعیر مەبەستێتی دەریبخات بۆ یار کە ئەگەرچی سووتاویی تیشکی ئەوین و گڕی عەشقی یارە، بەڵام خۆڕاگریی سەری بەرزی چەشنی جودی جێی ئارامی و خۆڕاگری و سەرلەنوێ دەستپێکردنەوەی ژیانە، بۆ دابەزینی کەشتیی عەشق و ئەوین و جوانی.

### ٤-٥/ ئیستاتیکای ڕەمزی گشتی:

ئەو ڕەمزانە دەگرێتەوە کە لەناو زۆربەی میللەتانی دونیادا بۆ یەك واتا و مەبەست بەکاردەهێنرێن و شاعیریش وەریاندەگرێت و لە شیعرەکانیدا بەکاریاندەهێنێت، نموونەی ئەم جۆرە ڕەمزەش وەکوو (("کۆتری سپی کە ڕەمزی ئاشییە لەبەر ئەوەی بەهێنانی چڵەزەیتونێك

هەواڵی کۆتایی هاتنی لافاوەکەی پێغەمبەر (نوح)ی ڕاگەیاند، سیندباد بووەتە ڕەمزی گەشت و گوزاری، کە پاش بڵاوبوونەوەی چیرۆکە سەرکێشییەکانی لە کتێبی (هەزار و یەك شەو)دا"،....هتد.)) (غریب، ١٩٧١: ٢٢٧) کوردۆی شاعیر لە شیعرەکانیدا نموونەی زۆری ئەم ڕەمزە گشتییانەی لە دەقە شیعرییەکانیدا بەکارهێناوە، وەکوو لە شیعری "بەخت"دا نموونەی ئەم ڕەمزە گشتییانە دەردەخات و دەڵێت:

"ئەو باز لەسەر شانی هەڵنیشت

تۆ کۆتر.. و

من پەپووی شووم..

ئەو بە پیری و

تۆ بە گەنجی و

من بە مناڵی پیر بووم ..!!" (١٣٣)

لەم دەقەدا شاعیر سێ جار ڕەمزی گشتیی بەکارهێناوە، لەوانەش "باز" کە ڕەمزی بەختە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، "کۆتر" کە ڕەمزی ئاشتی و کۆتایی نەهامەتییە، "پەپوو" کە ڕەمزی شووم و نەگبەتییە. ئەم ڕەمزانە لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا وایە، نەك تەنها لە جیهانەکەی کوردۆدا وا بێت، شاعیر مەبەستێتی بەدبەختیی خۆی بەیانبکات لە بەرانبەر ئەو نەهامەتییانەی بەهۆی ڕۆژگارەوە تێیکەوتووە و یاریش بووەتە پایەختی وڵاتی ئۆقرە و ئارامیی، کە کەسێکی تر بووە بە فەرمانڕەوای دەسەڵاتداریێتی ئەم پایەختە میهرەبانە، دڵی شاعیریش لە حەسرەتدا بووەتە وێرانە، بە چەشنێک کە پەپووی تێدا ژیابێت.

### ٦-٤/ ئیستاتیکای ڕەمزی جیهانی:

ئەو جۆرە ڕەمزانە دەگرێتەوە کە لە هەموو جیهاندا بۆ یەك واتا و مەبەست بەکاردەهێنرێن و ((ئەو ڕەمزانە دەگرێتەوە کە پاشخانێکی جیهانییان هەیە و لە هەموو دونیادا ناسراون و لە ئەدەبییاتی گەلاندا بەشێوە و تێڕوانینی جودا ڕەنگیان داوەتەوە، وەکو: خاچ، عیسا، پیکاسۆ، ماندێلا، فیدڵ کاسترۆ، جیڤارا،....هتد.)) (دەشتی، بەرزنجی، مەحمود، ١٣٩٧: ١٣٩) کوردۆ لەم جۆرە ڕەمزە جیهانییانەی لە دەقە شیعرییەکانیدا بەکارهێناوە، وەکوو لە شیعری "نیوتن"دا دەڵێت:

"سێوێك،

تەنیایی

دڵی سوور کردبوو

لە تاوا

خۆی بەردایەوە..

نیوتن بێئاگا لە عیشق

بە (هێزی کێشکردنی زەوی)

لێکیدایەوە..!" (١٣٢)

ناوهێنانی "نیوتن" ڕەمزێکی جیهانییە بۆ زانای بەناوبانگی جیهانیی بواری زانستی فیزیا، ئیسحاق نیوتن، کاتێک تاقیکردنەوەیەکی زانستیی لەسەر سێو ئەنجامدا، کە لەم شیعرەدا "میوەی سێو" وەك ڕەمزێکی هەڵخەڵەتێنەری مرۆڤ دەردەکەوێت، چونکە لەلای شاعیر سێو میوەی فریودەری مرۆڤە، نیوتنی زانای هەڵخەڵەتاند بەوەی کە خۆی خستە سەر زەوی تاوەکوو ببێتە هۆی بەدەستهێنانی ئەو ناوبانگە جیهانییەی


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

که لە بیردۆزەکەی نیوتنی زانای ناوداری جیهانییەوە بۆی ماوەتەوە. شاعیر مەبەستێتی ئەوە بخاتەڕوو کەوا چۆن سێو نیوتنی ئاڵوودەی عەشقی یاسای هێزی کێشکردنی زەوی کرد، ئاوهاش سێو کوردۆی شاعیری ئاڵوودەی هێزی کێشکردنی خۆشەویستی کردووە.

## ٤-٧/ ئیستاتیکای رەمزی کەسی (خودی):

هەموو شاعیرێك بەپێی ئەزموون و تاقیکردنەوە تایبەتەکانی ژیانی خۆی و ئاستی رۆشنبیری و ژینگەکەی، کۆمەڵێك رەمزی تایبەت دروستدەکات، کە پەیوەستن بە خودی شاعیر خۆیەوە، چونکە ((ئەم جۆرە رەمزە بۆ باری دەروونی شاعیر دەگەڕێتەوە، بەکارتێکردنی کەرەستەکانی دەوروبەر بەسەر هەست و دەروونی شاعیردا، ئەمەش هاندانی شاعیرە بۆ دروستکردنی رەمزی تایبەتی خۆی.)) (العلاق، ٢٠٠٧: ٤٧)، کەواتە کارلێکی شاعیر لەگەڵ ژینگەکەیدا خوڵقێنەری ئەم جۆرە رەمزەیە، ئەمەش وا دەکات کە ((ئەم رەمزانە ناوازەن و ئاستێکی باڵایان هەیە، وە رەمزە کەسییەکان رەمزی بەرزن کە بیری شاعیری داهێنەر دەیانخوڵقێنێ، بەبێ ئەوەی پێشتر نموونەی هەبووبێ، ئەم رەمزانە رەمزی زیندوون، چونکە شاعیر خۆی دروستیان دەکا و گیانیان بە بەردا دەکات.)) (مستەفا، ٢٠٠٩: ١٧٤) کەواتە هەموو شاعیرێك بەپێی ئەزموون و تاقیکردنەوە شیعرییەکانی خۆی لە ژیانیدا، دەتوانێت هەموو بابەتێك یان ڕووداوێك وەکوو رەمز بەکاربهێنێت، کە ئەگەرچی پێشتر وەکوو ئەو بەکارنەهێنرابێت.

کوردۆ لە چەندین دێرەشیعری دەقەکانیدا چەند وشەیەکی بەکارهێناوە، ئەم وشانە بە چەشنێ جەختی لەسەر کردوونەتەوە، کە بوونەتە رەمزێکی خودیی تایبەت بە شاعیر، وەك بەکارهێنان و چەند جار بەکارهێنانەوەی وشەی "دڵنشین"، کە لە هەشت دێڕی جودای دەقە شیعرییەکانیدا ئەم وشەیەی بەکارهێناوە، وەکوو دەڵێت:

"هەست دەکەم ئەو دەنگە دڵنشینەی
لە لەرینەوەی داران دێ، (١٤٣)
.....................................
ژنێکی دڵنشین
هێدی هێدی دەڕوا و (١٤٧)
...........................
دڵی ئەو دەبێتە ژنێکی دڵنشین
دڵی منیش پیاوێکی داگیرساو (١٤٩)
..............................
چپە چپی دڵنشینی
قۆخ و
بەهێ و
بەی دێ! (١٥٠)
..........................
ئەو بیرەوەرییە دڵنشینانەت
بیر دەخەمەوە..! (١٦٠)
لە ئێوارەیەکی دڵنشیندا،
ژنێکی دەم بەپێکەنین (١٦٢)

..............................

ئەم هەموو ڕوناكییە دڵنشینەی

چۆن چۆنی كۆكردۆتەوە و (١٨٤)

........................................

لەم ئێوارە دڵنشینەدا

كە سروشت، دەڵێی ژنێكی نازەنینە." (٢١١)

"دڵ" كانگای سروش و شوێنی هەست و خۆشەویستییە، هۆكاری حەوانەوەی مێشك و ئاسوودەبوونی جەستەی مرۆڤە، "نشین" شوێنی نشتەجێبوون و ئارامگەی حەوانەوەیە، بۆیە شاعیر مەبەستێتی ئەوە دەربخات كە وشەی لێكدراوی "دڵنشین" ڕەمزی تایبەتی خۆیەتی بۆ ئارامی دڵ و ئاسوودەیی بیر و هزر و خەیاڵ، بە مەبەستی بەخشینی چێژی ئارامی بە دەروونی، بۆیە زۆر مەبەستی بووە و چەند جارێك دووپاتیكردووەتەوە.

## ٤-٨/ ئیستاتیكای ڕەنگ و وێنە ڕەمزییەكان:

ئاشكرایە كە چ سایكۆلۆژییەتی هونەری و ئەدەبی بە شێوەیەكی گشتی و چ سایكۆلۆژییەتی ڕەنگ بە شێوەیەكی تایبەتی، زیاتر شوێنكەوتەی تێڕوانین و بۆچوون و كاریگەریی یەكێك لە كەرەستە و داتا هونەرییەكانە، ئەمەش بە جۆرێكە كە ((بەشێوەی بارێكی نەبینراو یان نەستیيانە لەسەر كەسێك، جا كەسەكە(گوێگر، خوێنەر، بینەر)بێت، بەجۆرێك وایلێدەكات، وەك ئەوەی حاڵەتەكە لە خودی كەسەكەوە وەرگیرابێت نەك بەسەریدا هاتبێت، یان تیایدا دروستبووبێت بە هۆی كردارێكەوە.)) (عەلی، عەزیز، ٢٠٠١: ٢٥) واتە ڕەنگدانەوەی نەستییانەی كارە هونەری و ئەدەبییەكان لەسەر مرۆڤەكان بە مەبەستی بەدیهێنانی توانایەكی مرۆییانەیە، بۆئەوەی مرۆڤێك بتوانێت بەشداریی هەست و نەست و بیركردنەوەی مرۆڤەكانی تر بكات. هەر لەم بارەیەوە "بۆدلێر" بڕوای وایە كە ((ئەو هەڵچوونانەی كە هەستەكان پێچەوانەی دەكەنەوە، لەڕووی كاریگەری دەروونییەوە لەیەك دەچن، دەنگ كاریگەرییەك جێ دەهێڵێ بەو كاریگەرییە دەچێ كە ڕەنگ جێی دەهێڵێ یاخود بۆن بەجێی دەهێڵێ.)) (گەردی، ٢٠٠٢: ٢٦٢)

ئەزموونی كوردۆی شاعیر لەبارەی ئەم وێنە ڕەمزییەی ڕەنگەوە هێندە ڕووكەش و سادە نییە كە دەقەكانی تەنها بە وشە ڕەنگینەكانی وەك "سوور، ڕەش، شین... هتد" ڕەنگڕێژكرابێت، بەڵكوو ئەزموونەكە لەمە قووڵتر و فراوانترە، چونكە بونیادی سەرجەم پارچە شیعرەكانی تەنراوە بەو وشە ڕەنگاڵەییانەی كە وەك ئاماژێك وان بۆ وێنەی ڕەنگە جۆراوجۆرەكان، بۆ نموونە لە شیعری "گوڵی سپی"دا دەڵێت:

"وەك بەژنی كازیوەی سەربڕاو

شەڵاڵی خوێن كرا

لەسەر چی..؟

شەوێكیان ڕێی كێشا بۆ هەور

بارانێ دابكا

گوڵی ڕەش بگۆڕێ بۆ سپی..!!" (٦٣)

وشەكانی "كازیوە، سەربڕاو، خوێن، شەو، گوڵ، ڕەش، سپی"، هەریەكەیان ئاماژێك نیشان ئەدەن بۆ ڕەمزێك، بۆ نموونە "كازیوە" ڕەمزی سەرەتایە و ڕەمزی ڕووناكی و بەرەبەیان و هەڵهاتنی خۆری نوێیە لە ڕۆژێكی نوێدا. "سەربڕاو" ڕەمزی لەناوبردنی زیندەوەرە و گیاندارەكانە.

"خوێن" ڕەمزی ئازاردان و ستەم و چەوسانەوە و تۆڵەکردنەوە و لەناوبردنە. "شەو" ڕەمزی بێدەنگی و حەوانەوەی سروشتە. "گوڵ" ڕەمزی وەفا و پەیمان و خۆشەویستی و سۆزە. "ڕەش" ڕەمزی خەم و پەژارە و تاریکی و نەزانییە. "سپی" ڕەمزی ئاشتی و گەڕانەوەی ئاسوودەییە بۆ دڵ و دەروون و بێپەروایی شوێن و دەروونە. شاعیر دەیەوێت هەستی ناخی لە ڕێی فرمێسکەکانیەوە هەوری تەم و غەمی ڕابماڵێت، ڕەوینەوەی خەمەکانی هاتنی موژدەی سپێدەیەکی نوێ بن بۆ گۆڕینی ڕۆژگاری نەهامەتی و بەدبەختی بە ڕۆژگاری هیوا و ئاسوودەیی و کامەرانی.

## ئەنجــام

لە توێژینەوەکەماندا بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتین:

١. ڕەمز وەکوو بنەمایەکی گرنگی بونیادی دەقی شیعری، ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەر لە خستنەڕووی مەبەست و ئامانجی شاعیر لە ئاڕاستەکردنی بیر و هزریدا دەبینێت.

٢. پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان شیعر و ڕەمزدا هەیە، کە شاعیر بۆ گەلێک مەبەستی جیاواز ڕەمز بەکاردەهێنێت، وەکوو هۆکارەکانی "ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و دەروونی و ڕۆشنبیری و جوانی و... هتد"، بەڵام مەبەستی ئیستاتیکی لە مەبەستە سەرەکییەکانی کوردۆی شاعیرە، کە بە مەبەستی بەخشینی بەهایەکی ئیستاتیکیی بەرز و ناوازەی هونەری بە بەرهەمەکەی و دەرخستنی توانا و ئەفراندنی جوانی، ڕەمزی لە دەقە شیعرییەکانیدا بەکارهێناوە.

٣. محەمەد کوردۆ توانیویەتی سەرکەوتووانە سود لە ڕەمز وەربگرێت و ڕۆحی زیندووکردنەوە بەهۆی ڕەمزەوە بە دەقەکانی ببەخشێت.

٤. شاعیر بەجۆرێك سوودی لە ڕەمزە جیاوازەکانی ناو کولتووری خۆماڵی و جیهانی وەرگرتووە، بە سیمایەکی نوێی کوردەوارییانە و ئەزموونێکی نوێی شیعرییەوە سەرلەنوێ لە دەقەکانیدا دایڕشتووەتەوە، مەودا و ناوەڕۆکی وێنە ڕەمزئامێزەکانی دەچێتە چوارچێوەی بابەتە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکانەوە و ڕەمزەکانی زیاتر وێنەی هەست و عاتیفە و ئەزموونەکانی لێ دەکەوێتەوە.

٥. جیهانبینیی نوێ و ڕوانینی مۆدێرنیتە بۆ زیهنی تازەی مرۆڤایەتی وایکردووە کە وێنە شیعرییەکانیش لەسەر ئەو ڕوانینە تازەیە بونیادبنرێت، کەچی ئەو زمانەی شاعیر بەکاریهێناوە، لە بەکارهێنانی ڕەمزە جیاوازەکان و سادەیی و ساکاری لە دەربڕیندا وایکردووە کە بەئاسانی پەیامەکەی بگەیەنێتە خوێنەر و چێژی پێ ببەخشێت.

٦. شیعرەکانی محەمەد کوردۆ پڕن لە وێنەی هونەریی بەرز و ڕازاوە، بە جۆرێك کە ڕەمزە جۆربەجۆرەکان بەشدارییەکی کارا لە پێکهێنان و هۆنینەوەی دەقەکانیدا دەکەن.

٧. شاعیر لە بەکارهێنانی ڕەمزە جیاوازەکاندا توانیویەتی گەنجینەیەکی درەوشاوە لە شیعرەکانیدا بنەخشێنێت و مەبەستە ڕەمزییەکانی بە جۆرێك بەکارهێناوە کە لە لایەك کاریگەری لەسەر خوێنەر دروستدەکات و لە لایەکی تریشەوە خوێنەر هەوڵی کردنەوەی کۆدەکانی دەدات. گرنگترین ئەو ڕەمزانەی کە لە دیوانی بۆنی بەختەوەریدا بوونەتە بونیادی بەخشینی وێنەی هونەری و ئیستاتیکا بە دەقە شیعرییەکان، بریتین لە "ڕەمزی ئەفسانەیی، ڕەمزی ئایینی، ڕەمزی کەلەپووری، ڕەمزی مێژوویی، ڕەمزی گشتی، ڕەمزی جیهانی، ڕەمزی خودی و ڕەمزی ڕەنگەکان".

## لیستی سەرچاوەکان

**ا- کتێبە کوردییەکان:**


١. حسێن، جەبار ئەحمەد، (٢٠٠٨)، ئیستاتیکای دەق شیعری کوردی کوردستانی عێراق (١٩٥٠-١٩٧٠)، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٢. حمەساڵح، مقداد، (٢٠١٣)، سەرنجێك لەسەر ئیستاتیکا، چاپی یەکەم، چاپەمەنی گەنج، سلێمانی.

٣. حەوێز، سروشت جەوهەر، (٢٠١٨)، ئازاد دڵزار و تازەکردنەوەی لە شیعری کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر.

٤. حوسەینی، هیمداد(د.)، (٢٠٢٠)، ئەدەبی نوێی کوردی (لێکۆڵینەوەو رەخنەی پراکتیکی)، بەرگی دووەم، چاپخانەی ناوەندی ڕۆشنبیریی ئاوێر، هەولێر.

٥. عەبدوڵا، عەباس ساڵەح، (٢٠٢٠)، ڕاڤەی دەق، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.

٦. عەلی، عەزیز، تاهیر محەمەد، قومری سەعید، (٢٠١١)، ڕوانین لە دەق، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

٧. عیسی، هاوژین سلیوە، (٢٠٠٩)، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٨. گەردی، سەردار ئەحمەد حەسەن، (٢٠٠٣)، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردی (١٩٧٠-١٩٩١)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٩. محەمەد، ئاوات، (٢٠١١)، لێکدانەوەی شیعر و ئاماژەکانی پشتەوەی تێکست، چاپخانەی ڕۆشبیری، هەولێر.

١٠. مستەفا، ئاسۆ عومەر، (٢٠٠٩)، بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك.

١١. مەلا زادە، ڕێبواری، (٢٠٢٠)، (تیۆری ئەدەبی) دەق شیعری کوردی لە تیۆری ئەدەبیدا، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیریی ئاوێر، هەولێر.


**ب- نامەی زانکۆیی:**


١٢. حەمەد، پەخشان سابیر، (٢٠٠٢)، ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردی کرمانجی خوارووی کوردستانی عێراقدا (١٩٧٠-١٩٩١)، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەڵاحەدین.


**پ- گۆڤارە زانستی و ئەکادیمییەکان:**


١٣. دەشتی، بەرزنجی، مەحمود، عوسمان دەشتی، عەلی تاهیر بەرزنجی، شنۆ محەمەد مەحمود، (١٣٩٧)، ئەدگارەکانی تەکنیکی هونەری لە شیعرە کوردییەکانی جەلالی مەلەکشا، پژوهشنامە ادبیات کردی.

١٤. عزیز، ژوان عبدالسلام، (٢٠٢٠)، ڕەمز لە (شیعرەکانی موفتی پێنجوێنی)دا، گۆڤاری زانکۆی کەرکوك، ژمارە ٢.

١٥. عەباس، محەمەد سلێمان، (٢٠١٠)، ڕەنگەکان لە کولتوور و باوەڕی کۆندا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ١٥٣.

١٦. قادر، ڕێبین خلیل، (٢٠١٠)، ڕەمزی ئەفسانەیی لە شیعرەکانی (هێمن)دا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ١٥٩.

١٧. کەریم، فەرهاد قادر کەریم (٢٠١٢)، وێنەی دووبارە لە شیعرەکانی حەمدیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە ٣٥، بەشی B.

١٨. مستەفا، ئاسۆ عومەر، (٢٠٢١)، ئیستاتیکای لادانی زمانیی لە کۆشیعری (ژهنەراڵی خۆشەویستی)ی محەمەد کوردۆدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە ٨.

١٩. مەعرووف، کەمال(د.) (٢٠٠٥)، ڕەمز لە شیعرەکانی (شێرکۆ بێکەس)دا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ١٠٢.


**سەرچاوە عەرەبییەکان:**


* القرأن الكريم

٢٠. العلاق، على جعفر(د.)، (٢٠٠٧)، في حداثة النص الشعرى (دراسة النقدية), الطبعة الأولى، دار الشروق للنشر و التوزيع، لبنان_بيروت.

٢١. غريب, روز، (١٩٧١)، تمهيد في النقد الحديث، الطبعة الأولى، دار المكشوف، بيروت.